کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# بۆ پێشەوە

ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری

رۆژنامەیەکی سیاسی - تەحریضی ریکخراوی رەوتی کۆمۆنیست

٥٠٠ فلسە

پاشکوی ژمارە (٧) نیسانی ١٩٩٢

پاشکۆ ٢

# چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ أمجد غفور

لە سەرەتای مانگی ئایاری ئەمساڵدا رۆژنامەی "بۆپێشەوە" چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هاوڕێ "امجد غفور" دا سازدا کە پاش ئامادەکردنی لەسەر کاسێتەوە بۆ شێوەی نووسین لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە :

"بۆ پێشەوە"

بۆ پێشەوە : ئەم رۆژانە حیزب و هێزە ناسیونالیستەکانی ناو بەرەی کوردستانی دەستیان داوەتە حەملەیەکی هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی پەرلەمانی کوردی. رابەرانی ئەم حیزبانە بەچەند ئیدیعایەك قسەو باسی خۆیان دەبەنە رێوە. لەوانە قسە لەسەر ئەوەیە کە لە ئاکامی کشانەوەی دەزگا ئیدارییەکانی حکومەتی مەرکەزی بۆشاییەکی ئیداری دروست بووە کە دەبێت پڕ بکرێتەوە، هەروەها قسە لەسەر دامەزراندنی یاسا و قانون و گەڕانەوەی ئەمن و ئاسایشە لە کوردستاندا، میلیشیا نابێ بمێنێ سوپای یەکگرتووی کوردستان دروست بێت و نەزم و نیزام دەستەبەر بکات. هەروەها دەڵێن کە بەرلەمان دەبێت چارەنووسی کوردستان و میللەتی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزیشدا یەکلا بکاتەوە، بو نموونە مفاوەزات لەگەڵ رژێم بکەن یان نە؟ بەرای تو ئەهمیەتی ئەم پەرلەمانە لەم قوناغەدا چییە و سیاسەتی بورژوازی لە پشت ئەم حەملەی هەلبژاردنەوە بە شوێن چی یەوە یە ؟

وەلام: ئەبعادی باسکردنی مەوزوعی هەڵبژاردن وەکو واقیعیەتێک لە کوردستاندا لە ئارادایە و حیزبەکانی ناو بەرە بەتایبەتی تەبلیغی بۆ دەکەن و خۆشیان بۆ ئامادەکردووە . ئێمە لێرەدا ناچینە سەر ئەوەی کە ئەم هەڵبژاردنە چۆن دەبێ و پەرلەمان چی یەو چۆن دەبێ ، یاخود هەڵویستی ئێمە لە بەرامبەر پەرلەماندا چی یە لێرەدا ناچینە ناو باسی گشتی پەرلەمانەوە ، من لێرەدا دەمەوی لەسەر واقیعیەتێک کە لە کوردستاندا مەوجودە قسە بکەین. واقیعیەتێک کە حیزبە بورژوا ـ ناسیونالیستەکان لە کوێوە ئیدیعای پەرلەمان دەکەن و لەسەر چ زەمینەیەکی ماددی حەرەکەی بۆ دەکەن ، لەکوێوە هیناویانە و لە چ وەزعیکدا هاتووە . مەبەستم ئەوەیە کە باسی شڵ و شوڵی ئەم هەلبژاردنە بکەین . بۆ ئێمە کومونیستەکان و هەلسوراوانی کومونیست و رابەران و پیشرەوانی کریکاری روونە کە پەرلەمان و دیموکراسی ـ یەك کە بورژوازی ئیدیعای دەکات چی یە . ئێمە لەمەوە حەرەکە ناکەین و کارەکەمان ئەوە نی یە کە تەشهیر بەم حیزبە ناسیونالیستانە بکەین کە چ وەزعیکیان هەیە و باسی ئەوە دەکەن کە چ وەزعیك هاتوتە ئاراوە . ئەم حیزبانە کە هاتوون باسی هەڵبژاردن دەکەن ئایا چ گیروگرفت و مەسائیلیك لە ناو کومەلگادا لە ئارادایە . هەڵبژاردن دەکاتە چارە ـ سەری مەسائیل و کیشەو گیروگرفتیك کەلەناو کومەلگادا هەیە لە هەژاری و فەلاکەت و برسیتی یەوە بگرە هەتا وەزعی سیاسی و رزگار بوون لە دەسەلاتی بەعس . ئەگەر قەرارە ـ بەدیلیکی لەو بابەتە تەرح بکات ئەوا شتیکی بێ ماناو پووچە هیچ جیگاوشوینیك ناگرێت و بایەخیکی نی یە . تەنانەت مەسەلەکە ئەوە نی یە کە ئەم هەلبژاردنە سەر بکەوی یان نە ، رەنگە هەڵبژاردن سەریش بگرێت و لایەنیکیش دەربچیت ، بەلام ئەو حالەتەی هەڵبژاردن و پەرلەمانەی کە ئیستا بورژوا ـ ناسیونالیستە ـ کان باسی دەکەن حالەتیکی ئاسایی (متعارف) کومەلگای کوردستان نی یە حالەتیکی ئاسایی کومەلگای عیراقی و بگرە زۆربەی ناوچەکەش نی یە . شکلی ئاسایی هەڵبژاردن وەکو باسی دەکەن شتیکی تازەیەو بەلام مەوزوعیکی ئاسایی ناو کومەلگا نی یە . من دەلیم بەم وەزعیەتەی کە

لە ئیستادا هەیە مومکین نی‌یە ببیتە حالەتیکی ئاسایی . ئایا چ زەمانەتی هەیە کە دەورەیەکی تر، پاش چەند سالی دیکە هەلبژاردن بکریتەوە ؟ لە ئەوروپاو روژئاوادا پەرلەمان حالەتیکی ئاسایی وەرگرتووە ، پەرلەمان و شکلی هەلبژاردن و لیبرالیزمی بورژوایی و دیموکراسی بورژوایی و ئەم شتانە بوونەتە شکلیکی ئاسایی و روتینی کومەلگاو کومونیستەکان و بزوتنەوەی کریکاری رووبەرووی ئەم وەزعە ئاسایی‌یە دەبنەوە . بەلام لە کوردستاندا ئەم وەزعە ئاسایی‌یە مەوجود نی‌یە . لەبەر ئەوە بە نیسبەت ئیمەوە لە کوردستاندا قەزیەکە بەم جورە نی‌یە و رووبەرووی حالەتیکی ئاسایی پەرلەمان و هەلبژاردن نابینەوە . بە بروای من ئەم هەلبژاردن و پەرلەمانە ناتوانی ببیتە شتیکی ئاسایی و متعارف ! بەلگەم بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەم وەزعەی ئیستای کوردستان لە هەل و مەرجیکی دیاری کراودا پەیدابووە ، وەزعیک کە حکومەتی بەعس لەولاوە وەستاوە ، هیزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان لە ناوچەکەدا مەوجودن ، سیاسەت و هەلسورانی ئەم هیزانە مەوجودە ، تەنانەت ئەگەر جورە ئیعترازیکی خەلکیش مەوجود بێت ، هەمووی وەزعیکە هەر لە شەری خەلیجەوە بگرە تا ئاوارەبوون و ئەم وەزعەی ئیستا کە حیزبە ناسیونالیستە کوردەکان باس لە دەسەلات دەکەن هەل و مەرجیکن کە بەستراوەتەوە بە ئارانج و بەرژەوەندی لایەنە ئیمپریالیستی‌یەکانەوە و بە ناکوکی نیوانیانەوە .

بۆ نموونە نیزامی نوێی جورج بوش لە شەری خەلیجەوە هەل و مەرجیکی لە عیراقدا هیناوەتە ئاراوە کە فەلاکەت و مەینەتی بۆ کریکار و زەحمەت-کیشی عیراق و کوردستان بە دیاری هیناوە و بە هوی ئەمەوە هەژاری زیاتر توند بووەتەوە . هەروەها ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی وەکو هوکاریکی سیاسی مەوجوودن کە گوایە ئیستبدادی سیاسی لادەبەن . بەدیلیکیان تەرح کردووە کە بەسەر کومەلدا سەپاوە . ئەمانە هاتوون سیاسەتیکی دیاری کراو بەریوە دەبەن ، بۆ جێ بە جێ کردنی بەرژەوەندی‌یەکانی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا و تا ئیستاش هەر بەردەوامە . هەروەها لە کوردستاندا ترسیک لە گەرانەوەی رژیم هەیە و شتیکی واقعی و مادیشە هەر کاتێ

هەواڵنامەی کتێب

بەرژەوەندی یە کانی ئەمریکاو هیزە ئیمپریالیستی یەکان لە ناوچەکەدا لەوەدا بیٚ کە بەعس بگەریتەوە یان خویان کوردستان بەجیٚ بهیلن و لەم بارەشدا رژیم دەتوانی بگەریتەوە چونکە ئەم حیزبە بورژوابی یە کوردی یانە هەروەك چون لەکاتی ئاوارەبوونەکەدا رایان کرد ئاوا جاریکی تریش هەلدینەوە ، ئەوا لەبەر ئەم هویانە هەمیشە ترس لە گەرانەوەی رژیم هەیە . ئەم حیزبانە هیزیکی ئەوتو نین کە بتوانیٚ ریگا بە گەرانەوەی رژیم نەدەن و پاریزگاری لەو ناوچانە بکەن کە حکومەتی بەعس تیانەماوە . بەبی وجودی هیزە هاوپەیمانەکانو بەبیٚ وجودی بەرژەوەندیەکانی روژئاوا بەم پیٚیەش تەئمیناتیك لە مانەوە توانای بەرگر- تنیان لە گەرانەوەی رژیم نی یە . لەبەر ئەوە خەلك بەردەوام ترسی لە گەرانەوەی رژیم هەیە بۆیە ئیعتراز ناکات و یان ملی بە وەزعەکەی بەرەو ناسیونالیزمی کورد داوە . بەکام دەلیل دەلیم ئەم ترسە مەوجودە؟ بەو دەلیلەی کە بەرژەوەندی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا مەوجودەو خودی حیزبە ناسیونالیستەکانیش ئەو هیزە نین کە بتوانن بەر بە رژیم بگرنو پرش و بلاونو لەناوخویاندا ناکوکنو توانای دەسەلات گرتنیان نی یە .

دەربارەی دیموکراسی و شتیکی لەم چەشنە ، ئەم حیزبە ناسیونالیستی یانە خویان مودەعی دیموکراسیەت نین کە لە روژئاوادا هەیە . هەل و مەرجیك دروست بووە کە ئەم مەسەلەیە تەرح بکەن . ئەمانە خویان مودەعی دیموکراسیو پەرلەمان نین . بو نموونە ئەگەر هەر کام لەو حیزبانەی ناو بەرە هیزو توانای خوی هەبوایە ئەوا ئەم شیوەیەی تەرح نەدەکرد و یەکسەر دەسەلاتی خوی دەسەپاند وەکو حیزبی بەعس ، وەکو جەرەیانی دینی ، وەکو شیخەکانی خەلیج ، ئەم ناسیونالیستە کوردانە شتیکی جیاواز نین لە شەخسیەتە سیاسی و حیزبە سیاسیەکانی ولاتانی بەناو جیهانی سێیەم . بە بروای من نە حیزبە بورژوازییەکانی ناو بەرە نە دەرەوەی بەرە مودەعی ئەو شکلە سیاسەتە ئاسایی یەی کومەلگا نین کە لە روژئاوادا مەوجودە . ئەگەر یەکیتی نیشتمانی بیتوانیایە خوی بە تەنیا دەسەلات بگریتە دەست ئەوا خوٚی کونترولی

وەزعی سیاسی کۆمەڵگای دەکرد و حاکمیەتی دادەمەزراند . بەبڕوای باسکردنیان لە پەرلەمان لە لاوازیو بێ توانایی خۆیانەوە هەر یەکەیان بە تەنها . ئەمانە ناچار بوون پەرلەمان تەرح بکەن تا بزانن کامیان لەسە لایەن کۆمەڵەوە هەڵدەبژێررێن و لەم ریگەیەوە حاکمیەت وەربگرن . دیارە ئەم هێزانە گیروگرفتیکیان نییە ناوی حاکمیەت بێت ، مەسەلەکە ئەوەیە کە لە ناو کۆمەڵدا وەزعێکی ناجێگیر هەیە و ناتوانێ جێگیری پەیدا بکات بەشێکی مەسەلەکە ئەوەیە کە هەر کاتێ وڵاتە ئیمپریالیستییەکان ناوچەکە بەجێ بهێڵن ئەوا زۆر ئاسانە کە بەعس بگەڕێتەوە و ئیستبدادی بەعس بگەڕێتەوە . ئەم حیزبانەش بەو رادەیەی خۆیان لە قسەکانیانداو لە مەسائیل و تەرحەکانیاندا پشتیان بە رۆژئاوایە کە دیفاعیان لێ بکات ئیتر تەعبیر لە توانای ئیمکانیەتی خۆیان دەکەن ، خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە ناتوانن دیفاع لە نەگەڕانەوەی رژیم بکەن . بەم حال و ئیمکاناتەوە هاتوون باس لە مەسەلەی گرتنەدەستی دەسەڵاتی کۆمەڵگای کوردستان دەکات ! کۆمەڵگایەك کە جێگیری سیاسی تیدا نییە ، جێگیری ئابووری تیادا نییە .

کۆمەڵگایەکە کە هەر لە هەژاری و فەلاکەتی ئابوورییەوە بگرە تا مەترسی گەڕانەوەی بەعس هەمووی تیادا مەوجودە و روو بەرووی خەڵك دەبێتەوە ، ئەمە وەزعی کوردستانە . هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردی شکڵێکی کاریکاتوری هەڵبژاردن و پەرلەمانی رۆژئاوایە نەك شکڵێکی ئاسایی و ناسراوی کۆمەڵگا . لە رۆژئاوا مەسەلەی هەڵبژاردن و پەرلەمان شکڵێکی جێگیرو ئاسایی وەرگرتووە کە هەر چەند ساڵێك دووبارە دەکرێتەوە ، وە هەڵویستی کرێکاران و کۆمونیستەکانیش لە بەرامبەریدا تەرحی دەسەڵاتی شورایی خۆی دەکات لەو شوێنەوە کە کرێکاران و کۆمونیستەکان خوازیاری لابردنی کۆمەڵگای سەرمایەدارین ، دەسەڵاتی بورژوازی بە هەموو شوێنەکانیانەوە بۆ کرێکاران مەسەلەیەکە کە دەبێ کۆتایی پێ بێت . بە رەچاوکردنی ئەم مەسەلەیە ئایا هەڵسوراوانی کرێکاری چەندە دەتوانن بۆ بردنە پێشەوەی بزوتنەوەکەی خۆیان کەڵك لە پەرلەمان وەربگرن ئەوا بۆ ئیمە لە کوردستان شتێکی لەم چەشنە مەترەح نییە . لای ئیمە مەسەلەکە سیاسەتێکی

دیاری کراوە. پەرلەمانێک کە ئەم حیزبانە ئەیانەوی پێکی بهێنین لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتە دیاری کراوەدا بە واقعی دەبێت. ئەم هێزانە ڕێک بەرژەوەندییان لەگەل بەرژەوەندی رۆژئاوادا لێک هەلپێکاوە بە ئاستەم لێی لا نادەن. بەئاستەم لە بەرژەوەندی ئەمریکاو لە سیاسەتی بوش لانەدەن. ئەم هێزانە خۆیان ناتوانن جێگیری ئابووری و سیاسی بەرقەرار بکەن. هەر کاتێک سیاسەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان لە ناوچەکەدا گورانی بەسەردا هات ئەمانە یەکسەر دەچنەوە بارودوخی خۆیان. واتە ئەگەر هەرکاتێک وا پێویست بکات کە هێزە هاوپەیمانەکان بگەرێنەوەو ئیتر کوردستان بۆیان ئەو بایەخەی ئیستای نەمێنی، یاخود دەسەلاتی بەعس بگەرێتەوە، ئەوا ئەو کاتە هەلبژاردن کرابێ یان نە، پەرلەمان دروست بووبێت یان نە، یەکسەر نا ئارامی و ناجێگیری سیاسی لە کوردستان دا دروست دەبێتەوە.

بۆ پێشەوە: هاوڕێ تۆ ئیشارەت بەوەکرد کە ئەم هەلبژاردنەی بەرەی کوردستانی و حیزبەکانی هەنگاویان بۆ ناوە شتێکی کاریکاتوورییەو لەبارو دوخێکی نا جێگیرو نائاسایدا پێک دێت، هەروەها قسە لەوە کرا ئەگەر هەریەکە لە حیزبەکانی بەرە بە تەنها بیتوانیایە ئیدارەی کوردستانی بەرێوە ببردایە ئەوە یەکسەر ئەو بۆشایی یە ئیداری یەی دروست بووە خۆی پری دەکردەوە، داسەپاندن و جێگیرکردنی قانون و یاسا ئەوەندە بۆی زەحمەت نەدەبوو، دەیتوانی یەکسەر یەک میلیشیاو سوپای هەبێت و شتی لەم چەشنە. هەروەها مەسەلەی مفاوەزات لەگەل حکومەتی مەرکەزیدا خۆی یەکلای دەکردەوە. بەلام ئیستا ئەم حیزبانە پەرلەمان دەکەنە ئەو ئۆرگانە خاوەن صلاحیەتەی کە دەتوانی چارەنووسی سیاسی گەلی کورد دیاری بکات ئەگەر بکرێ ئەوە روون بکەیتەوە کە تا چ رادەیەک هەلبژاردن و پەرلەمان لەگەل مافی دیاری کردنی چارەنووسدا پەیوەندیان پێکەوە هەیە.

وەلام : پێشتر ئەوەم روون کردەوە کە بوچی هەلبژاردن و پەرلەمان لێرە حالەتیکی ئاسایی ( متعارف ) ی نیە و ناتوانیت واش بێت چونکە زەمانەتی جێگیری سیاسی و ئابوری مەوجود نیە لەلایەن حیزبە کوردیەکانەوە . دەربارەی رزگار بوونی میللەتی کورد لە زولمی نەتەوایەتی هیچ زەمانەتیک لەلای ئەم حیزبانە مەوجود نیە . دیاری کردنی مافی چارەنووسی خواستی میللەتیکە کە دەیەوی زولمی نەتەوایەتی لەسەر نەمینی و بەهویەری ئازادیەوە بتوانیت چارەنووسی سیاسی خوی بریار بدات. ئیمە بەر لەوەی لەسەر پەیوەندی هەلبژاردن و مافی دیاری کردنی چارەنووس قسە بکەین ، دەلێین ئەم حیزبانەو جەرەیانی ناسیونالیستی کورد مودەعی لابردنی زۆلمی نەتەوایەتی نین و ناتوانن ئەم زولمە لابەرن . حیزبە ناسیونالیستە کوردەکان کە باس لە هەلبژاردن دەکەن دەیانەوی دەسەلاتی خویان بسەپینن و میللەتی کورد کیشەیەکی هەیە کە دەیەوی زولمی نەتەوایەتی لەسەر خوی لابەرێ و چارەنووسی سیاسی خوی دیاری بکات . هەلبژاردنەکەی حیزبە ناسیونالیستە کوردەکان پەیوەندی بە دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کوردەوە نیە . مانەوەی زولمی نەتەوایەتی یان نەهیشتنی بەستراوەتەوە بە ئیرادەو ئازادی تەواو کەمالی ئەو میللەتە بۆ بریار دانی چارەنووسی خۆی ئایا دەیەوی لە عیراقدا بمینیتەوە یان جیابیتەوە . بەلام بوئەم حیزب و هیزە بورژوازیانە مەسەلەکە بەستراوەتەوە بە ئازانج و بەرژەوەندی هیزو لایەنە ئیمپریالیستەکانەوە ، بە بەرژەوەندی ئەمریکاو روژئاواوە لە ناوچەکەدا . بورژوا ناسیونالیستی کورد هاتووە بە پەیوەند لەگەل بەرژەوەندی بۆرژوازی جیهانیدا حەرەکەت دەکات لەم مەیدانەدا ، جا ئیتر یان بە مفاوەزات مەسەلەکە دەبریتەوە لەگەل حکومەتی مەرکەزیدا یاخود وەکو ئوپوزیسیونیک تا ماوەیەکی دیکە دەمینیتەوە تا ئەو سیاسەتە دیاریکراوەی روژئاواو ئەمریکا لە ناوچەکەدا جێ بەجێ دەبێت !

ئەگەر سەرنج بدەنە تەبلیغات و کیشەکانی ئەم حیزب وهیزانە ئەوە بەر چاو دەکەوی کە ئەمانە بە شوین دامەزراندنی دەسەلاتی بوژوازیەوەن نەک رزگار بوون یان نەبوونی میللەتیک لە زولمی نەتەوایەتی . خەلك

ترسی لە گەڕانەوەی ڕژێم هەیە ، خەڵك لە هەژاری و برسیتیدا ژیان
بەسەر دەبا ، کەچی بورژوازی کورد باس لە پەرلەمان دەکات . هەر
بەوەندەی خەلك ترسی لە گەڕانەوەی ڕژیم هەیە ئەوا زولمەکەی لەسەر
لانەچووە ، مادام خەلك چاوەڕیی هیزیکە کە بێت و ئیستبداد زاڵ بکاتەوە
بە و رادەیە رزگاری نەبووە لەدەست زولمی نەتەوایەتی ، هەر ئەم ترسە
عەزابیکی نەفسی یە بو خەڵکی کوردستان . کە بەردەوام ئاسوی زولمیکی
لەبەر چاودا بێت کە پێشتر بە دەستیەوە نالاندوویەتی و هەرچەندە ئیستا لێی
دوورە بەلام لێی جیانەبووەتەوە وەکو فشاریکی روحی لێی جیانەبووەتەوە ،خەلك
دەبینی هیچ هیزیك نی‌یە کە مقاوەمەتی رژیم بکات ، یاخود ئەوە
دەخریتە میشکیەوە کە روژئاوا دیفاعی لێ دەکات. بەم بۆیە چاوەڕوانی
لای خەڵك مەوجودە نەك ئەوەی هەست بکەن کە رزگاریان بووە . تاخەڵك
چاوەڕوان بمینیتەوە یەعنی رزگاری نەبووە . تەنانەت ئەگەر خەلك چاوەڕوانی
ئەمانیش بن کە رزگاریان بکەن ، ئەمان بەچی رزگاریان دەکەن ، ئایا بە
پشتیوانی روژئاوا رزگاریان دەبێت ؟ ئەم حیزبانە پیشتر لە ئیستایان بەهیز
تربوون بەلام لەبەر ئەوەی هەمیشە پەیوەلدبوون بە قازانج و بەرژەوەندی
ئیمپریالیزمەوە نەیان توانیوە و نەیان ویستووە مەسەلەیەك بخەنە روو کە مافی
چارەنووس دیاری بکات و گەلی کورد رزگاری بیت لە زولمی نەتەوایەتی .
ئەم حیزبانە بەرژەوەندی تایبەتی خویان هەیەو ئامادەن لە پیناوی
سیاسەتی خویاندا میللەتی کورد بە تەواوی لە ناو بەرن . کرێکار و
زەحمەتکێشی کورد لەژیر مەترسی برسیتی دایە ، گیروگرفتی لابردنی ئیستبدادی
سیاسی و زولمی ئابووری هەیە کە هەژاری فەلاکەتیکی بۆوینەی بەسەردا
سەپاندووە ، کەچی ئەمانە باس لە دەسەلاتی سیاسی و پەرلەمان دەکەن ،
ئەیانەوی حوکم بکەن و گیروگرفتیکیان نی‌یە تەنها مەسەلەی دەسەلات و
حاکمیەتی خویان نەبێت . حیزبە کوردەکان کیشەیەکیان هەیە ئەویش ئەوەیە
کە بەم هەموو حیزبە ناکوکە حاکمیەت ناکرێ و دەبێ یەکیك حاکمیەت بکات
دەکرێ لێیان بپرسین کە تا ئیستا کە حاکم بوون و ئەم هەموو هەژاری
و برسیتی‌یە خەتەرناکە مەوجودن ، ئەم زولم و زورەی لەسەر خەلك چیتان

هەبووە بو چارە سەر کردنیان ؟ چی زەمانەتیکت هەبووە بۆ مقاوەمەی گەمارویە کی ئابووری کەلەسەر خەلکی کوردستانە ، کەلەسەر عیراق مەوجودە ، بۆ ئەوەی پوچەلیان بکەیتەوە ؟ ئەم حیزبە ناسیونالیستە کوردانە هیچ توانایەکیان نییە کە ئەم گەمارویە بشکینن لەسەر کوردستان بەتایبەتی و لەسەر عیراق بەگشتی ، وەهیچ ئیدیعایەکیشیان نییە . ئەمانە بە هیوان بە هوی گەماروی ئابووری لەسەر عیراقەوە دەسەلاتی بەعس بروخینەوێ . گەمارویەك کە بووەتە زولم لەسەر کریکارو زەحمەتکیشی عیراق و هەژاری و فەلاکەتیان بردوتە سەرەوە و بە شیوەیەکی زۆر نا ئینسانی بەسەریاندا دەشکیتەوە ، حیزبە ناسیونالیستە کوردەکان دەیانەوی ئەمەبیتە وەسیلەیەك بۆ رووخاندنی بەعس . لە کوردستانیشدا هیچ موبادەرەیەکیان نییە بۆ پووچەل کردنەوەی ئەم گەمارویە . هیچ ووزەو ئیمکانیەتیك ناخەنەگەر بۆ هینانی کەل و پەلی خواردن و مەوادی پزیشکی و دەرمان ، مەوادی سووتەمەنی بۆ خەلکی زەحمەتکیشی کوردستان . ئەم وەزعە بووەتە نەگبەتی و مەئسات بەسەر کریکارو زەحمەتکیشەوە و بورژوازیش هەڵی دەگری بۆ دوای پەرلەمان. پەرلەمان هەبێ یان نەبێ ئەم مەسەلانە ئیستا مەوجودن و دەبی چارەسەر بکرین . لە راستیدا ئەوە گیروگرفتی بورژوازییە کە دەسەلاتی خوێ جێبەجێ بکات لە ریگەی پەرلەمانەوە ، تەنانەت قسەکردن لەسەر پەیوەندی پەرلەمان و بریاردانی چارەنووس بێ ناوەروکە . ئەوەی(ی.ن.ك) باسی مافی چارەنووس دەکات پەیوەندی بە مەسەلەکەوە نییەو باسی دەسەلاتی خوێ دەکات ، و هیچ تواناو ووزەیەکیان نییە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەسەلەیە واتە بریاردانی چارەنووس .

بۆ پیشەوە : دیارە لە کوردستاندا هەژاری و برسیەتی و فەلاکەتیکی لە رادەبەدەر مەوجودە و وەزعی ژیان و گوزەرانی زەحمەتکیشی تووشی مەترسی کردووە ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا شیوەیەك لە جاوەروانی لە ناو کریکار و زەحمەتکیش دا زالە . ئیمە لە باسەکانی خوماندا قسەمان لە سەر ئەوە کردووە کە کریکارو زەحمەتکیش نازانی نوکی حەملەی خوی رووبەرووی کێ

بنکاتەوە ناسیونالیزمی عەرەب ناسیونالیزمی کورد یان هاوپەیمانەکان و بنکەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستاندا ؟ ئایا هەلبژاردن و پەرلەمان چ کاریگەریەك لەسەر ئەم بارودوخە دادەنیٚت ؟ لەلایەکی دیکەوە بەردەوام بارودوخیکی نائاسایشی سیاسی لە ناوچەکەدا مەوجودە ، تۆپ بارانی رژیٚم بۆ ناوچە کوردییەکان و مەترسی هیرش و جەنگ و پەلاماری سەربازی ئەمانە بەسەردەوام ئاسایشیان لە خەلك هەلگرتووە . ئەگەر دەکریٚ لەسەر ئەوە روون کردنەوەیەك بدەیت ؟

وەلام : بە بروای من ئەوەی کە دەلیٚم خەلکی کریکار و زەحمەتکیش نازانیٚت نوکی حەملەی بکاتە کویٚ ، واتە کام هیز و لەوانەی کەلە ناوچەکەدا مەوجودن ، ئەمە ئەوە دەگەیەنیت کە ئەم هیزانە هەموویان بەسەر سەری کریکارەوە وەستاون و لە بنەرەتدا کریکارو زەحمەتکیش رووبەرووی هەموویان دەبنەوە . بەرەو حیزبەکانی ، هیزەکانی وولاتە هاوپەیمانەکان، دەسەتداریتی بەعس ئەمانە هەموویان لە بەرامبەر کریکاران و زەحمەتکیشاندان . وەزعیك لە ناوچەکەدا مەوجودە کە لە نیوان ئەم هیزانەدا کیشمەکیش و ناکوکی و شەر هەیە ، لە نیوان ناسیونالیزمی کورد و عەرەبدا ، لە نیوان هیزەکانی هاوپەیمان و رژیمی بەعسدا ئەمە وەزعیکی ناجیگیری بۆ کریکارو زەحمەتکیش دروست کردووە . بەلام بۆ رابەران و پیشرەوانی کریکارو زەحمەتکیش ئەوە ئاشکرایە کە هەموویان دوژمنی کریکارو زەحمەتکیشن ، کە ململانی کەشیان بەسەر سەری کریکاردا شکاوەتەوە و دەبیٚ کریکاران رووبەرووی هەموویان ببنەوە . بەلام بۆ کریکاران و خالکی زەحمەتکیشی گیروگرفت دروست بووە . ئەگەر رووبەرووی بەعس دەبیتەوە هاوپەیمانەکان و ناسیونالیزمی کورد بەهیز دەبیٚت ، بە پیچەوانەشەوە ئەگەر رووبەرووی ناسیونالیزمی کورد یان هاوپەیمانەکان بیتەوە بەعس بەهیز دەبیتەوە و لەم چەشنە ! ئەمە وەزعیکی دروست کردووە کە وجودی ئەم هیزە دژ بەیەکانە لە ناوچەکەدا گیرەو کیشەیان زیاد کردووە . هەژاری و مەئساتیان زیاد کردووە . ئەم هیزانە هیچیان لەوی تریان باشتر نین . لەم دەورەیەی ئیستادا هەموویان لە چوار

جـیۆەی نەزمی نوێی جیهانـی‌دا دەسورینەوەو لـە ململانێ و کیشمە کیشـی نیوان لایـەن و هیزە ئیمپریالیستی‌یەکاندا دیـن و دەچن . ناتوانری روو بـەرووی ئەمیـان ببینەوە و ئەوی تریـان بخەینەوە لاوە . بە بڕوای مـن ئـەگەر ریکخراو بوونی کریکارو هیزی‌ئیعترازو توانای ریکخراو بوونی کریکار لە ئاستیـکی بەرفراواندا بیـت ئەو کاتە دەتوانیت رووبەرووی هـەر هـەموویان ببیتەوەو بیان کاتە دەرەوە . ئەگەر کریکارانـی عیراق شورای سەراسـەری خـۆیان هەبوایە ئەوا لە بەرامبەر تـەواوی هیزەکانـی بورژوازی‌دا دەوەستا ـ یـەوە . بزوتنەوەی کریکاری خوی لـە بەرامبەر تەواوی بورژوازی دەوەستیتەوە، بـەلام لە ئیستادا ململانێی ئەم هیزانە پرش و بلاوی و دوو بەرەکایەتـی لـە نیو کریکارانـدا دروست کردووە . وەزعیکی نارەحەتی بۆ دروست‌کردوون ئیسـتا کریکارو زەحمەتکیش لـە حالەتیکی لاوازی و بێ توانایی‌دان .کریکار ی کورد ئـەگەر لە دژی بـەرە هەستیـت رەنگـە بوار بۆ گەرانەوەی رژیـم خـوش بکات ، ئەگەر لە دژی بەعس هەستا بیت بە قازانجی بەرە گەرایەتەوە، یـان بـە قـازانجـی هیـزە هـاوپـەیمانـەکـان گـەراوەتەوە .ئەم وەزعە نەگبەتی بۆ کریکاران هیناوە . ئیمـە کە قسە لەسـەر ریکخراو بـوونی‌کریکاران دەکەین ، قسە لەسەرئـەوە دەکەین کـە کریکـاری کورد دەبـی‌مەسەلەی دەسەلاتی‌خـوی بینیتەوە ئاراوە ، لە هەموو کاتیـک زیاتـر مەسەلەی دەسەلاتی‌خـۆی بهینیتە پیشەوە لە بەرامبەر ئەم هیـز و لایەنـە بورژوازی‌یانەدا . لەبەرەیە کە تەنها دەسەلاتی سیاسی کـریکـار کوتایی بەم بارو دوخە دینی و یەکلای دەکاتەوە .

بـۆ پیشەوە : بیگومـان لە بەرامبەر حەملەی هەلبژاردن و لـە بەرامبەر پەرلەمانـی‌بورژوازی کورددا هەلویست و ئەرکـی سـوشیـالیـزمـی کریکاری پاراستنـی خەتی سیاسـی ـ چینایەتی کریکاری کوردستانە ، ئایـا چ هـەلویستیکی دیاری کـراو پیویسـتە لەسـەر سـوشیالیزمـی کریکاری کـە لـەم مەیدانەدا ببریتـە پیـش ؟

هەواڵنامەی کتێب

وەلام : ئێمە لە بەرامبەر شکڵیکی دەسەلاتداریتی ئەم هێزە ناسیونا ـ لیستی یانەدا بانگەوازی مقاطعە کردن دەکەین لە دوو لایەنەوە ، یەکەم ، هیچ ڕێکخراویان لایەنێکی کرێکاری ناچێتە ناو پەرلەمانــــــەوەو خۆی هەڵنابژێری ، دووەم ، دەبێ تەبلیغ بۆ ئەوە بکرێت کە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بەشداری لەم هەڵبژاردنانەدا نەکەن و دەنگ نەدەن . بەم پێیە دەکرێت کرێکاران ڕێگا لە دامەزراندنی دەسەلاتی بورژوازی بگرن و لە هەمان کاتیشدا بەدیلی خۆیان خستبێتە روو . ئێمە لەپاڵ بانگەوازی مقاطعە کردندا بانگەوازی پێکهێنانی شوراکانی کرێکاران دەکەین . بورژوازی کورد باس لە شێوەیەکی دەسەلاتداریتی دەکات کە پەرلەمانە . کومونیستەکان و ڕابەرانی کرێکاریش باس لە شێوەی دەسەلاتداریتی خۆیان دەکەن ، واتە دەسەلاتی شورایی . شکلی دەسەلاتی شورایی لە بەرامبەر گشت شێوەکانی دەسەلاتی بورژوازیدا نەک تەنها شێوەی پەرلەمانی ، چونکە بورژوازی شێوەی جیاجیای دەسەلاتی خۆی هەیە و شکلی هەرە پێشکەوتووی پەرلەمانە ئەمانە شێوەکانی دەسەلاتداریتی بورژوازین و نیزامی سەرمایەداری رادەگرن و دەیهێلنەوە . بەلام سوشیالیزمی کرێکاری کومەلگای سەرمایەداری رەت دەکاتەوە و هەموو ئەشکالەکانی دەسەلاتداریتی بورژوازی دەداتە دواوە نەک شکلیکیان لە بەرامبەر ئەوەی تریاندا دابنێ ، واتە یەکێکیان نەفی بکاتەوە و ئەوەی دیکەیان قبول بکات . بزوتنەوەی سوشیالیزمی کرێکاری لە بەرامبەر هەموو شێوەکانی دەسەلاتداریتی بورژوازیدا دەوەستێتەوە و شێوەی خۆی بۆ دەسەلاتداریتی ، واتە شێوەی شورایی ، تەرح دەکات .

تەبلیغی ئێمە لە بەرامبەر پەرلەماندا و لە بەرامبەر وەزعێکدا کە ئێستا مەوجودە بە چاوپۆشین لەوەی سەردەکەوی یان نە دەبێ لەسەر شورا پێ دابگیرێت . سەرکەوتنی بەندە بە هاوسەنگی هێزی نیوان کرێکار و بورژوازی . بورژوازی ئەگەر توانی ئێستا بەم شێوەیە دەسەلات بگری ، لە کاتێکی تردا بە شێوەیەکی دیکە دەسەلات بکات ئەمە تەعبیرە لەوەی کە بورژوازی هێزو توانای هەیە تا دەسەلات بگرێتە دەست ، ئەوە دەسەلمێنی کە هاوسەنگی هێزی نیوان بورژوازی و کرێکار بەلای بورژوازیداو لە دژی

کریکار شکاوەتەوە . بەلام ئەمە نەفی ئەوە ناکاتەوە کە شکلی دەسەلاتی کریکار تەرح بکرێت و هیزی خوی بو دەسەلات هەڵخرینی . سوشیالیزمی کریکاری لە دژی نیزامی سەرمایەداری خەباتی خوێ دەکات لەهەموو ساتێکی خەباتەکەشیدا شکلی دەسەلاتی خوی تەرح دەکات .

بە نیسبەت ئەم حالەتەی کوردستانەوە ، سەرەرای کاریکاتوری بوونی هەلبژاردن و پەرلەمان ، بورژوازی کورد بیەوی هەرچی بسەلمینی ، بیەوی ئەوە بسەلمینی کە ئیدارەی پێ دەکرێ ، دەتوانێ سیاسەتی روژئاوا و ئەمریکا جێبەجێ بکات ، بیەوی هەرشتیك بسەلمینی ئیمە لە بەرامبەر ئەم شکلە کاریکاتورییەدا مقاطعە تەرح دەکەین . تەنانەت ئەگەر سەریش بکەوی هەر مقاطعە تەرح دەکەین . ئەم پەرلەمانە تەنانەت لە چەشنی دۆمای روسیاش نین کە ئینسان بەشداری تیدا بکات و بە قازانجی کریکار کەلکیان لێ وەربگری . ئیمە بە هەموو شیوەیەك بەشداری کردن رەت دەکەینەوە . هەم وەکو چوونی رابەران و نوینەرانی کریکاران بو ناو پەرلەمان هەم وەکو دەنگدانی جەماوەری کریکارو زەحمەتکیش لە پەرلەماندا . بەشداری کردن لەم حالەتەی کوردستاندا بەهیچ جوریك لە قازانجی کریکار نییە . بورژوازی کورد لە هەل و مەرجیکدا باسی دەسەلاتی خوی دەکات کە هەژاری و فلاکەت مەوجودە . کریکارو زەحمەتکیشی داخوازییەکانی خوی بەرز کردووەتەوە ، ٣٥ سەعات کار و ئازادی ریکخراوبوون و مانگرتن و ... تاد حیزبە ناسیونالیستە کوردەکان لە بەرامبەر ئەمانەدا وەستانەوە . ئەمانە ناتوانن و ناشیانەوی دان بە ئازادی ریکخراوبوونی کریکاراندا بنین . ناتوانن ئەوە قبول بکەن کە ئازادی مانگرتن هەبی ، ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی لە کومەلگادا هەبیت ئەم حیزب و جەرەیانانە بە ئاشکرا خویان لە مانە ئەدزنەوە . ئەم مەسەلانە بە گشتی و تایبەتی یەوە کومونیستەکان ئیدیعای دەکەن و دیفاعی لێ دەکەن.

ئەو مەسەلەیەی کە دەلین ئەوانەی دژی هەلبژاردنن لەگەل حکومەتی بەعسدان خوی پروپاگەندەیەکی ناو بەتاڵ و گەندەڵە . کەسیك کە باسی ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی دەکات و باس لە ئازادی مانگرتن و

ریکخراو بوون دەکات لە ریزی رژیمدا ناوەستینەوە . ئەم مەسەلانە لە دژی گشت دەسەلاتی بورژوازین ، لە دژی ئەو ئیستبدادەی کەلەکۆمەلگادا مەوجود بووە ، ئیستبدادیك کە بەعس نوینەری بووە و سەپاندویەتی و تەجسیدی کردووەو ئیستاش ئەم حیزبانە دریژەی پێ دەدەن . کەسانیك کە لە دژی گشت دەسەلاتی بورژوازی بن مەسائیل و داخوازیەکانی خوی خستبیتە روو ناتوانری لە ریزی بەعسی یەکاندا ریز بکرین! ئیمە دەلیین کریکارو زەحمەتکیش ناتوانن لە ریگەی پەرلەمانەوە و نەك پەرلەمانیکی کاریکاتوریش ، لە زولمی ئابووری و سیاسی رزگاری ببیت . پەرلەمان رزگاری بەشەریەتی تیادا نی یە ، رزگاری ئینسانی تیدا نی یە . نموونەکانی لە پیشکەوتووترین کومەلگای جیهاندا بە ئاشکرا دیارە . کومونیستەکان هەلسوراوانی بزوتنەوەی سوشیالیزمی کریکاری و خودی بزوتنەوەی کومەلایەتی کریکار نیزامی سەرمایەداری نەفی دەکەنەوە و خوازیاری هەلگیرانەوەی نیزامی سەرمایەدارین ، پەرلەمان تەعبیر نی یە لەم حەرەکەتە بەلکو شکلی دەسەلاتی بورژوازی یە . ئەگەر کەسیك بیەوی لە ریگەی دەنگدانی پەرلەمانەوە بە شوین جێ بەجێ کردنی مەسائیلی کریکارەوە بیت ئەوا لە خەیالدا دەژی ، پەرلەمان ناتوانی تەواوی (قیم) ی کومەلگای سەرمایەداری نەفی بکاتەوە ، چونکە نەفی کردنەوەی ئەم (قیم)انە بەسترا و نەتەوە بە نەفی کردنەوەی سەرمایەداری یەوە . ئەمە بە حەملاتی هەلبژاردن ناکریت ئایا کومونیستەکان دەتوانن وەکو بورژوازی وەعدە و وەعید بدەن؟ کومونیستە- کان هیچ وەعدەیەکیان نی یە بە کریکارانی بدەن . کومەلگایەك کە هەر ئیستا مەوجودە لەسەر ئەساسی خاوەنداریتی تایبەتی و کاری بەکرێ راوەستاوە نەفی دەکەنەوە . ئەم هەلوەشاندنەوەیە بە هەلبژاردن ناکریت. ئەمە لە ریگەی شورشی سوشیالیستی و بە دەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسی لەلایەن چینی کریکارەوە لە توانا-دایە . کریکاران کە نیزامی سەرمایەداری هەلدەگیرنەوە تەنها شکلی دەسەلاتەکەی ناگورن . دیارە ئەگەر کومونیستەکان بە دەنگ دانیش بینە سەر حوکم ئەوا هەر ئەو واقعیەتە بەعەمەلی دەکەن واتە هەلگیرانەوەی نیزامی ئابوری و سیاسی مەوجود کە ئەمەش لە ریگەی

شورشیکی کومەلایەتی یەوە و لـە ساتیکی میژوویـی دیاری کراودا قـابیـلی جیبەجێ بوونە نەك لە هەڵبژاردنیکەوە بکریت .

بـو پیشەوە : مـاوەیەك لەمەوبەر جلال طالبانـی سکرتیری گشتی "ی.ن.ك" لـە کوبونەوەیەکـدا لەگەڵ ماموستایانـی سلیمانی لە وەلامی پرسیاریکدا کـە لـی ی کرابوو ، ( کـە ئیوە خوتان بە دیموکراسی دادەنین کەچی شوراکانتان داخسـت ) ئیشارەی بـەوەکرد کە ئیمـە شورامان دانەخستووە ، و ئیستـا خەریکیـن شـوراو ئەنجومەن پیك دەهینین کە لەلایـەن خەلکەوە هەلدەبژیر- ریـن ، هـەروەها ووتی ئەوانەی پییـان دەلین شورا ، شورا نـەبـوون و جەماعەتیکی چەپرەو بوون کـە دەیانویست دیکتاتوریەتی ئەقلیەتی خـویـان دابەمزرینـن ، و دژی شورشی کوردستان و راپەرینی بەهاری کومەلانی خەلکی کوردستانـن و بەنوکەری ئەمریکای دادەنیـن ، ئەمانـە وەکو بلقی سەر ئـاو وابـوون کـە تـەقینەوەو وەکو چون لـە بەهاردا چەندەها کانـی و جـوگـە دەتـەقـن و دوواتر ووشك دەکەن و تەنهـا رووبارە ئەسلی یەکان دەمیننەوە ، ئـەمانیش ئاوابوون و ووشك بـوون ، شتی لـەم چەشنە . . . ئەگەر بکـری لـەم بارەیەوە روون کردنەوەیەکمان بو بدەیت .

وەلام : بـەنیسبەت ئیمەوە مەسەلەکە لەوەدا نییـە کە نوینەریـك یـان رابەریکی بـورژوازی لەسەر مەسەلەیەکی دیاری کـراوی جەرەیانیکی سیاسی ا.ژ بـەخوی چی دەلیت و چون قسـە دەکات ، ئیمـە بیین و ریك وەلامی دەقی قسەکانـی ئەو یاخود ئەو بەلگە هینانەوانە بدەینەوە کـە ئەو تەعریفـی ئـەو مەسەلەیەی پـی دەکات . بـو نموونە جلال طالەبانی ئارەزووی خـویـەتـی چـون قسە لەسەر شورا دەکات و بـە شورای دەزانی یان نـە" ، شـورا بـەلای ئەوەوە جی یە . شورا شکلی ریکخراو بوونـی سەربەخوی چینیکـی دیاریکراو ( کریکار ) ە . لـەناو چوار چیـوەی جەرەیانە بورژوایی یەکاندا شورا مەسەلەیەك نەبووە و بـورژوازی کاریکی بە شورا نەبـووە تا ئیستاجلال طالبانی بلـی لایەنگری شورام ئاوا دەبی و ئاوها نابییت ! بورژوازی کاتیـك قسـەی لـەسەر شورا کردبیـت بو لە ناو بردنـی بووە ، بو نموونە شورای ئیسلا می

لە ئیراندا لە بەرامبەر شورای کریکاری داو بۆ لەناو بردنی تەرح کرا، ئەمەی جلال طالبانی باسی دەکات شتیکی لەو بابەتەیە،ئەمیش شورایەك دروست دەکات کە سەر بە بورژوازی بیێت و پاریزگاری دەسەلاتداریتی و سیاسەتی خوی پێ بکات لە سەردەمیکی دیاری کراودا . دیارە بورژوازی کورد لەگەل شورادا نەبووە و لە بەرامبەر خویدا دیوەیەتی یەوە و دژی وەستاوەتەوە . شوراکانی پار سەررای هەر کەم و کوری یەك ، لە چوارچیوەی هەلسەنگاندنی کومونیستیك یان رابەریکی کریکاری دا سەر بەرەوتی سوشیالیزمی کریکاری یەو سەر بە بزوتنەوەی کریکاری و چینی کریکارە .

کاتیك جلال طالبانی دەلێ ئیمە شورامان دانەخستووە بە ئاشکرا خوی لە واقعیەت دەدزیتەوە . ئەوان بە رەسمی لە رادیوو بلندگوی بنکەکانیانەوە لە دژی شورا تەبلیغان کردو داوایان لە خەلك کرد کە هاریکاریان مەکەن ، ئەمانە ئاژاوە گیرن و نا شەرعین ، کەس شوینیان نەکەویت تەنانەت چەکدارەکانیان چوونە سەر شوراکان لە سلیمانی و زور شتی دیکەش ، بەلام لیرەدا مەبەست ئیسپات کردنی ئەم شتانە نی یە ، بەلکو مەسەلە ئەوەیە کە ئیستا بورژوازی کورد لەژیر فشاری بزوتنەوەی شورایی کریکاراندایە لە مەسەلەی دەسەلاتی سیاسی خویدا بویە باس لە شورا دەکات . ئەگەر هەر ئیستا ئازادی ریکخراو بوون هەبیت ئەوا بزوتنەوەی شورایی بەهیزو توانایەکی دیکەوە دیتە دەرەوە ، واتە هەر ئەو دیاردانەی کە چینی کریکار لە کوردستاندا لە مەیدانی ریکخراو بووندا لە خوی نیشاندا بەلگەی ئەوەن کەزەمینەیەکی ماددی لەبار لە ئارادایە بو سەرهەلدانەوەی شورا . بەلام لە پەیوەند بەو تەبلیغەی بورژوازی یەوە کە دەلی شوراکان ئاژاوە گیرو منال بازاری یە یاخود بلقی سەر ئاو بوون و تەقین ، ئیتر مەسەلەکە چونیەتی مامەلەی بورژوازی یە لەگەل شورادا ، ئەوە دەردەخات کە بورژوازی ئەیەویت چون پیناسەی دوژمنەکەی بکات و چونیش بەرەو رووی بیتەوە ، بیگومان وجودی شورا لە دژی بەرژەوەندی بورژوازی بووە ، دەبی نوینەرە سیاسی یەکانی هەر بەو جورە قسەی لە سەر بکەن لەوە زیاتر چی لە جلال طالبانی و تەواوی نوینەرە سیاسی یەکانی دیکەی

بورژوازی چاوەروان دەکری ، جلال طالبانی‌و نوینەرە سیاسەکانی دیکەی بورژوازی کورد بەشان و شەرکەتی شورادا هەڵ نادەن . شورا ریک لە دژی ئەوان بوو وە نەیان توانی کار بکەند سەری و بە دەستی شوراوە گیریان خواردبوو .نەك هەر نەیان دەتوانی بۆ شەر هەلیان خرینن بەلکو شوراکان لە دژیان وەستانەوە و بە دژی بورژوازی خەلکیان هەلدەخراند . شوراکان لایەنگری ئازادی سیاسی ، ئازادی ریکخراوبوون و مانگرتن‌و شیعاری ٣٥ سعات کاری هەفتانەیان بەرز کردەوە ، بەلام بورژوازی کورد وحیزبە- کانی دژی دەوەستانەوە و گالتەیان پی دەکرد ، دەیان ووت کەبۆکومەلگای کوردستان ناگونجین ! بەلام شوراکان بە خستنە رووی ئەم داواکاریانە بەو شیوەیەشی کە ئەم داواکاری یانەیان پیَ تەرح کرد شیوەی پیشکەوتوویی ( واقعیەتی ) کەشەسەندنی کومەلگای کوردستانیان پیشان دەدا . تەرحی ئەم داواکاری‌یانە ئەوەی دەردەخست کە کومەلی کوردستان‌وعیراق لەگەل باقی جیهان و چینی کریکاری عیراق لە تەواوی کریکاری دنیا جیاوازیەکیان نی یە . ئەو تەبلیغاتەی بورژوا- ناسیونالیستەکان کە دەلی ئەمە بۆ ئیرە ناگونجین شتیکی پووچە ، مەسەلەکە لەسەر ئەوە راوەستاوە کە جیَ بەجیَ بوونی ئەم داواکاریانە پەیوەندە بە ریکخراو بوونی کریکارەوە ، بەبیَ ریکخراوی سەر- بەخوی کریکاری و بەبی وجودی ئازادی ریکخراو بوون و ئازادی بۆ قەیدو شەرتی سیاسی‌و شتی لەم چەشنە بە عەمەلی بوونی ئەو مەسائیلانە لە توانادا نی‌یە . لیرەوە دەردەکەوی کە مەسەلەکە لەسەر ئەوە نەوەستاوە کە لای بورژوازی واقعیی‌یە یان نە ، ئەمە لە بەرامبەر بورژوازی دایە . ئەوەی کە جلال طالبانی باسی دەکات ، واتە ئەنجوومەن ، و ناوی دەنی شورا ریتك لە بەرامبەر شورای کریکاریدا دەوەستیتەوە بە هەمان دەستوری شورای ئیسلامی لە ئیران . ئەم ئەنجوومەنانە ریك لە بەرامبەر تەواوی شەشکالەکانی ریکخراو بوونی کریکاری‌دایە . وجودی شورا یاخود بزوتنەوەی شورایی کیشە- یەکی بورژوازی‌یە تەنگ و چەلەمەیەکیەتی . بزوتنەوەی شورایی سەرەرای نا ئینسجامی‌یەك کە لە ناویدا ھەیە ، سەرەرای هەر پلەیەك لە هەلسانەوەی ، ئەوە تەئکید دەکاتەوە مەسەلەکە کوتایی پیَ نەهاتووە بۆیە بورژوازی باسی

دەکشات ئەم بزوتنەوەیە جیگەی خۆی لە ناو کریکارو زەحمەتکیشی کوردستاندا کردوەتەوە ، ئەوەی کە چ کاتیك بە هیزیکی دیکەوە بە خیبرەیەکی دیکەوە دیتەوە مەیدان ئەوە مەسەلەیەکی ترو هەل و مەرجی مادی و ئەزمونی واقعی خۆی دەوی . بەلام ئەمە ئەوە تەئکید دەکات کە شوراو بزوتنەوەی شورایی گیروگرفتیکیانە .

دەربارەی ئەوەی کە بە ئاژاوە گیری و منال بازاری شورا ناولی دەبەن ئەمە ئیتر سونەتیکی بورژوازییە و بە تایبەتی بورژوا ــ ناسیونالیست کەوا رووبەرووی کەسانی هەلسوراوی دیکەی ناو کومەل بیتەوە کە لە سنوری بەرژەوەندی یەکانی ئەو بترازیت ئەویش بە شیوەیەکی دواکەوتووانە . میژووی سیاسەت و تەبلیغاتی سیاسی ئەمانە لە دژی هەلسوراوانی سیاسی دیکە بە تەواوی روشنە . کاتیك قسە لەسەر ئەوەیە کە کرمەلگا خەباتی سیاسی تیدایە بویە داوای ئازادی سیاسی دەکریت ، ئەو گالتەی بە ئازادی بی قەیدو شەرتی سیاسی دیت و لەمەش واوەتر نایەوی ئەم ئازادی یە لە کومەلگادا بەرقەرار بیت . ئەمە لە قازانجی ئەو ناشکیتەوە . بورژوازی شورای کریکاری ناوی چونکە دەزانیت هاتنە دەرەوەی شوراو گەشەسەندنی ریکخراو بوونی کریکارو بەهیز بوونی لە زەرەری جەرەیانەکەی ئەم دەکەریتەوە . دیارە لەگەل ئەو ئامانجەدا کە بورژوازی بو جیگیر کردنەوەی وەزعی سیاسی کومەلگە بەباری بەرژەوەندی خویدا دیاری کردوون بە پیچەوانە دەشکیتەوە ، لیرەوەیە کە پی ی دەلی ئاژەوە گیرەو دیارە بە نیسبەت بورژوازی ئاژەوە گیری یە . ئایا شوراکان تەعبیریان لە مەسائیلیك نەکردووە کە تەواوی کومەلگەی داگرتووە ؟ شوراکان باس لەوە دەکەن کە هەژاری وفەلاکەت کوتایی پی بیت ، ئاستی ژیانی بەشەر بچیتە سەرەوە ، ئینسانەکان بەشداری ئیدارەی سیاسی کومەلگە بکەن ، ئینسانەکان ئازادی سیاسی یان هەبیت ، باس لە هەموو شکل و شیوەیەکی پەرەسەندووی داخوازیەکانی بەشەر دەکات بو کریکارو زەحمەتکیشی کوردستان . ئایا ئەمە شیوەی پەرەسەندووی ئینسانەکانی ناو کومەلە یان منال بازاری و ئاژاوە گیری ؟ ئەمە ئیسپاتی ئەوە ناکات کە ئەم جەرەیانە ناسیونالیستانە خویان ئیستبدادی و کونەپەرستن ؟ ئایا

ئەوە ناسەلمێنێ کە نوێنەرانی بورژوا ـ ناسیونالیستی تەنانەت لە ئاستی فەرهەنگی ناو کۆمەڵیش لە دواوەترن ؟ بەڵام دواکەوتوویی ئەمانە نەفی ئەوە ناکاتەوە کە پارێزەری قازانج و بەرژەوەندییەکانی بورژوازی لای جەلال تاڵەبانی سیاسەت تەنها بە جلی کوردی و جامانەوە دەکرێ ! هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری کە بەرژەوەندییە ئینسانییەکانی کرێکار دەخەنە روو بە کردەوە تەعبیرن لە شکلی پەرەسەندوویی کۆمەڵگا ، ئەمانە نوێنەری چینێکی هەرە پێشکەوتووی کۆمەڵ (کرێکار)ن و بەڵام جەلال تاڵەبانی و هەڵسوڕاوە سیاسییەکانی دیکەی بورژوازی نوێنەری چینێکی دواکەوتوی کۆمەڵن . ئەمانە تەنانەت لەگەڵ نوێنەرانی سیاسی بورژوازی رۆژئاوا جیاوازییان هەیە . ئەمانە وەکو رابەران و سیاسییەکانی وڵاتانی بەناو جیهانی سێیەم ، هەر لە یاسر عرفاتەوە بیگرە تا شێخەکانی خلیج و صدام هەموویان تەعبیرن لە دواکەوتوترین شکل و شێوازی دواکەوتووی کۆمەڵن . جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی دوو نموونەی هەمان شکل و شێوەی دواکەوتووی ناو کۆمەڵن . تەنانەت ئەو ئامێرو ئۆرگانەی بەکاری دەهێنن ، هێزی چەکدارییان ، هەموو لە دواکەوتوترین شوێن و جێگای کۆمەڵەوە هێناونیان و وەکو هێزو توانای خۆیان و بۆ دیفاع لە خۆیان و بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ کۆمەڵدا بەکاریان بهێنن واتە هەرە دواکەوتووترین شتی ناو کۆمەڵی هێناوە و کردویەتی بە ئەداتی دەستی خۆی . ئەم رابەرانە کاتێک لە رووبەروو بوونەوەیاندا لەگەڵ شێوەکانی رێکخراو بوونی ناو کۆمەڵگادا پەنا دەبەنە بەر تەبلیغاتی پڕوپووچ ، خۆیان مێژوویەکی پاکیان نییە و خەڵکی کوردستانیش لەمە ئاگادارە . بۆ نموونە هەر لە ساڵەکانی ( ٦٦–٧٠ ) ی جەلال تاڵەبانی و حەرەکەی بارزانی و سات و سەودا بەردەوامەکانیان لەگەڵ وڵاتە ئیمپریالیستییەکان و دەوڵەتی مەرکەزییەوە بگرە تا ئێستایان دەبینین بەردەوام بەشوێن بەرژەوەندی کۆشکی سپی و سیاسەتی بوش و ئەورووپاوە بوون و زۆر بە ئاسانیش و لە هەر ساتێکدا کە سیاسەتی ئەو دەوڵەتانە پشت تێکردنیان بوویێت یەکسەر ئیفلاسیان کردووە . حەرەکەی بارزانی لە چاو تروکانێکدا ئاوا بوو . جەلال تاڵەبانی بەردەوام لە پاڵ حکومەتدا جێگای بۆ خۆی بینیوەتەوە . ئەم رابەرانە تەنانەت لە بەر

چاوی خەلکدا کەسانێکی فاشیلن و مێژوویەکی پاکیان نی یە .

هەروەها دەربارەی ئەوەی کە دەلێن ئەمانە دکتاتوریەتی ئەقەلیەتی خۆیان دەسەپێنن ، ئەم قسەیە جگە لە پروپووچ هیچی دیکە نی یە . ئەوەی کە شورا دیفاعی لێ کردووە ، ئازادی رێکخراو بوون و مانگرتن ، ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی ، ئەمانە مەسائیل و داواکاریەکانی زوربەی زۆری کومەڵ واتە کرێکاران و زەحمەتکێشانن . ئەوانەی لە شوراکاندا هەلدەسوران دیفاعیان لەمانە دەکرد کەلە بەرژەوەندی زۆربەی کومەلدایە . ئەمانە هەلسوراوانی بزوتنەوەی ئەم زوربەیەی کومەڵ بوون . ئا بەمە دەلێ دکتاتوریەتی ئەقەلیەت . نوێنەرانی سیاسی بورژوازی کورد نایەنەوی کرێکار رێکخراوی هەبێ نایانەوی داواکاری کرێکارو زەحمەتکێش تەرح بکرێن و جێ بەجێ بکرێن . ئەوەتا جلال طالبانی دەلێت خۆ شورشمان بۆ رزگار بوون لە برسیتی نەکردووە . ئێمە دەلێین دەبێ برسیتی نەمێنێ ، شەرمەزاریە بو بەشەریەت کە برسیەتی هەبێت . لە سەردەمێکدا کە تا ئەو پەری ئاستی بەرهەم چووتە پێشەوە و گرفتێك نی یە کە ناوی نەبوونی مەوادی خوراکی بێت کەچی خواردن دەست ناکەوێت ! لە وولاتێکدا دەژین کە کانگای نەوتەو شتێك نی یە کە ناوی گیروگرفتی نەبوونی نەوت بێت کە چی نەوت دەست ناکەوی ناسیونالیستە کوردەکان خوازیاری هێشتنەوەی گەماروی ئابوورین و تەئیدی دەکەن ، دەیانەوی برسیتی لەسەر خەلکی عیراق بمێنێتەوە . مەسەلەکە ئەوە نی یە کە ناسیونالیستەکانی کورد شورشیان لە دژی برسیتی نەکردووە . بەلکو ئەمە قسەیەکە کە بو ئەوەی دەسەلات بگری دەیکات . کاتی خوی خومەینیش قسەیەکی وای کرد کە "ئابوری هی وولاغە" . بورژوازی ئەیەوی لەمە رابکات و سەرنجی خەلکیش لەسەری دوور بخاتەوە و تا بتوانێت دەسەلاتی خوی دابمەزرێنی . ئێمە دەلێین نابێت لە کومەلگا برسیەتی بمێنی ، برسیەتی پەیوەندی بەوەوە نی یە کە لە بەرهەم هێنانی جیهاندا و تەنانەت وولاتەکەی خوشماندا مەواد و شت وەك کەمو دەست ناکەون . مەسەلەکە ئەوەیە کە سیاسەتێکی بەینی تەرەفەکانی بورژوازی یە کە بووەتە نەگبەتی و مەئسات بۆ خەلك ، شەرێکی نێوان بورژواکان ئەمەی هێناوەتە ئاراوە ، گرفتەکە لەوەدا نی یە کە بەرهەم هێنان کەمە یان خەلك ئیش ناکەن . ئەوە کە مایەتی یە کە ئەم

گیروگرفتەیـان دروست کردووە کـە یەك لە دژی ئەوی دیکە کەمارووی ئابـووری دەخەنە سـەر یەکتر . ئەمانە گیروگرفتی دەسەلاتی کەمایەتیان هەیە .

ئەگەر کـەسیك بەرنامەی شـورا کریکاری‌یەکان بخوینیتەوە کـــە رەوتـــی کومونیســـت دەری کردووە ، دەبینی کـە باس لە چارەسـەری بیکاری، هەژاری و فەلاکـەت دەکات کـە لە ناو کومەلگادا مەوجودە . شـورا ئەیەوی چارەسەری ئـەم گیروگرفتانەی نـاو کومەلگا بکات و کیشەیەکی نی‌یە ناوی ئەوە بنکە چون حوکـم بکات ، چـون مفاوضە بکات و... ! جەرەیانی بورژوازی خـواردن و ئـاوی کردوتە سیاسەت لە کومەلدا ، سیاسەتی خـوی کردووە بـە برسیەتی و لـەسەر حسابی وەزعی گوزەرانی خەلك دەیەوی سیاسەتی خـوی بەریتەپیشەوە . بـەلام لە ژیانی واقیعیدا ناتوانری ئاوا بیـت . ناکری خەلك لە بـرســا بمری بـەلام باس لەوە بکەن کە دەنگ بداتە پەرلەمان ، ناتوانری بە کەسیك بووتری لـە برسا بمرە بـەلام مـن هەلبژیرە و من رزگارت دەکەم ! ئەسلـی سیاســەت خوی بو باش بوونـی ژیانی خەلکە ، ئینسان ناتوانیـت سیاسـەت بکات ئەگەر ژیانـی بـاش نەبیت . ژیانی خەلك و سیاسەت لیك جیـــا ناکرینـــەوە .

بـو پیشەوە : رادیـوی " ی.ن.ك " لـە لیکدانەوەی هویەکانی شکستی " راپەریـن " دا ئیشارەی بو دوو فاکتەری دەرەکی و ناوخویی کرد . فاکتـوری یەکەم پشـت تیکردنی ئەمریکاو روژئاوا بـوو کە گەرانیەوە بـو سی‌هوی یەکـەم ئـەوەی کە لە خواروی عیراقدا بزوتنەوەی شیعە مەوجـود بوو وە دەبـووە هـوی ناجیگیری سیاسـی ، و دووەم هەلویستی نـا مەسئولانەی هەندی لایەنی نـاو بەرە ( مەبەستی پاسوکە ) کە ئالای کوردستانیان لەسەر سنووری عیراق ـ تورکیا چەقاندو سییەم ئەوەبوو کـە ژمارەیـەك کەسانی نا مەسئول ئـالای سـوریان بەرز کردەوە کـە داس و چەکوشی لـەسەر بوو لە خوپیشاندانیکـدا لـە رانیەوە بەرەو دەرەوەی رانیە و ئەمە لـە تەلەفزیونەکانی روژئاواوە چەنـد جـار پیشان درا ، کە ئەمانە هەموویان هـوی ئەوە بوون کە ئەمریکاو روژئـاوا لـە یارمەتی دانی خویان پەشیمان ببنەوە و خەلکی کوردیش ئاوارە بیـــت .

پیمان باشە سەرنجی خوت لەسەر ئەم مەسەلەیە بخەیتە روو .

وەلام : ئەو لیکدانەوە و هەلسەنگاندنەی کە نوسەری رادیوی "ی.ن.ك" بو رووداوەکانی پاری دەکات لەسەر ئەساسی ئاکامیك کە لە ناوچەکەدا رووی داوە ، ئاوارەبوون و بە قەولی ئەو شکست ، ئەمانە سەربەخو لە هەولەکانی خەلك بو رزگار بوون لە دەسەلاتی بەعس و لەم جورە شتانە ، ئەوەی کە ئەو شەخسە قسە لەسەر شکست دەکات و دەگیریتەوە بو ئەم عوکارانە تەنها عەقلیەتی سیاسی ئەو پیشان دەدات . ئەم کەسەو رادیوی " ی.ن.ك " تەعبیر لە سیاسەتیکی دیاریکراو دەکەن و ئامانجیك کە بە دوایەوەن سەر بە بزوتنەوەیەکی کومەلایەتی بورژوایی ، سەر بە ناسیونالیزمی کوردەو خاوەنی جیهانبینی یەکی دیاریکراوە ولە کومەلگای کوردستاندا پاریزگاری لە بەرژەوەندی چینیکی دیاریکراو ( بورژوازی کورد ) دەکات . قسەکانی ئەو شەخسە بە ئاشکرا لە دژی کریکارو زەحمەتکیشە ، تەنانەت ئەو بەشەی قسەکانیشی کە باسی پاسوك و شیعە دەکات ! چونکە مەسەلەکە بو روژئاوا ئەوەیە کە بەشوین سیاسەتیکی دیاری کراوی خویە-وەیەتی لەناوچەکەدا هەموو شتیك کە لەو چوارچیوەیە بترازیت بەلایەوە پەسەند نییە ، ئەمیش هاتووە ریك بەرگری لەم سیاسەتەی روژئاواو ئەمریکا دەکات . ئەمریکا ئامانج و بەرژەوەندی سیاسی تایبەتی خوی هەیە و رادیوی " ی.ن.ك "و کاکی نووسەر ئەیانەوی لی ی لانەدەن . تەنانەت لە قسەکانیدا ئەوە دەردەکەوی کە ئەمریکا و روژئاوا پلانیکی دیاریکراویان هەیە بۆ ناوچەکە و بۆ رزگاری خەلك نەهاتوون . ئەگەر بۆ نموونە وای دابنین بە قەولی ئەمان کە ئەمریکا بو رزکار بوونی خەلك هاتوون باشە چی کاریکی بەوە هەیە کە یەکیك ئالا بەرز دەکاتەوە و یەکیکی تر دینییەو یەکیکی تر شورا پیك دەهینی و شتی لەم جەشنە ؟ کومەلگا بەرژەوەندی جیاجیای تیدایە . ئەوەی کە کەسانیك ئالای سوور بەرز دەکەنەوە مانای ئەوەیە کە کریکار و زەحمەتکیش داواکاری خویانیان هەیە . ئەمەیە کە لە قازانج و بەرژەوەندی روژئاوا نایەتەوە و لیرەوەیە کە پرسیار دەکات کە کی خوی بە لیپرسراوی ئەم وەزعە دەزانیت . سەرانی " ی.ن.ك "و بەرە

خویان له بەرامبەر ئەمەدا بە لیپرسراو دەزانن و کیشەیەکی بنەرەتیشیانە. ئەم قسانە ئەوە دەسەلمینی کە بە دوای سیاسەتی وولاتە ئیمپریالیستەکانەوەن و کلکایەتی ئەوان دەکەن . ئەگەر کەسیك بیێت و بە جدی ئەم بەلگە هینانەوانەی نوسەری رادیوی " ی.ن.ك " لیك بداتەوە تێ دەگات کە ئەمانە نوکەرایەتی ئەمریکاو ئیمپریالیزم دەکەن ، واتە ئەگەر بەلگە نامەشت پیوە نەگرتبیت لەوەدا بە هەڵە نەچوویت کە بە خزمەتکاری ئیمپریالیزمی لە قەلەم بدەیت . ئەمان بە راشکاوی بە شوین بەرژەوەندییەکانی روژئاواوەن و تەنگ و چەلەمە و کیشەیەکیان نییە ناوی چارەسەری چەوسانەوەی نەتەوایەتی بیت لەسەر خەلکی کوردستان ، خواستی میللەتیك کە چەند سالە لە ژیر زولم دایە . بە تەئکید ئەمانە بە شوین مەسەلەیەکی لەم چەشنەوە نین . بە نیسبەت روژئاواوە هەر شکلیکی ئیعترازی و ریکخراوەیی کە لە ناو کریکاراندا مەوجود بیت ، یان تەنانەت زیادە رەوی لە خەتلادانیك کە لە ناوخوی جەرەیان و حیزبە بورژوازیەکاندا مەوجود بیت ، شتیکی نەشیاوو نەویستراوە . باسکردنی پاسوك لە دەولەت بۆ روژئاوا نەگونجاوە. ئازادی لە دەستی خەلکی کوردستاندا نییە کە بریاری چارەنووسی سیاسی خوی بدات و بیر لە چارەنووسی خوی بکاتەوە . بیر لە وەزعی ئابوری و گوزەران و عمل و مەرجی سیاسی خۆی بکاتەوە. لەلای روژئاوا و ئەمریکا ئەمانە نەگونجاو و نا بەجیێن . کاکی نوسەر دەلێ ئەگەر خەلك باسی ئەمانە بکەن ئەوا روژئاواو ئەمریکا پشتی تی دەکات و کە ئەویش پشتی تی کردن ئەوا شکست دەهینن ! دەکوێ پرسیار بکەین کە ئاخر بۆ دەبێ شکست بهینین ، ئایا لە بەردەم قازانج و بەرژەوەندی ئەودا شکستمان هیناوە یاخود بو مەسەلەکانی خومان ؟ من دەلیم ئیمە ، کریکاران و خەلکی زەحمەتکیش ، بو مەسائیلی خومان شکستمان نەهیناوە ، ئیمە مەسائیل و داواکاریەکانی خومانمان بەرز کردوەتەوەو هەر بە دوواشیانەوەین و دەبێ جێبەجێ ببن ، تا ئیستاش هەر بە شوین ئەو مەسەلانەی خومانەوەین وازیان لێ ناهینین . دەبێ ژیانمان باش بێت و گورانی بەسەردا بیت ، دەبێ دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوە بگرین . ئیمە کریکاران و زەحمەتکیشی

کوردستان بە دوای ئەم مەسەلانەوەین و لەم مەیدانەشدا زەرەریکمان نەکردووە یان شکستمان نەخواردووە . بەلام ئەوەی کە نووسەری وادیوی " ی.ن.ك " و سەرانی ئەم ریکخراوە بە دووایەوەن و سیاسەتیك کە شوینی کەوتوون لەم نیوانەدا توشی شکست بووە . ئەمانە بە ئاشکرا هاوار دەکەن کە کریکار و زەحمەتکیشی کوردستان لە دژیان وەستاونەتەوەو پردیان داون بە ئاودا .

کەسیك کە ئیدیعای ئەوە دەکات روژئاوا پشتیوانی لە خەلکی کوردستان دەکات ، روژئاوایەك کە لەسەر بنچینەی کاری بەکریێ و خاوەنداریتی تایبەتی راوەستاوە ، ئەگەر کەسیك بەرگری لەمە بکات بە ئاشکرا بەربەریەتی خوی دەخاتە روو . میژووی ئەم ولاتە ئیمپریالیستی یانە سەرەرای ئەوەی کەلەسەر بنەمای کاری بەکریێ و چەوسانەوەی راگیر بووە ، میژووی ئیستبدادی وەحشیانەیان لە ناوخوو دەرەوەدا ، چەندین شەرو جەنگیان بەسەر ولاتانی دنیادا سەپاندووە و پشتگیریان لە نیزامە دکتاتوری و سەربازی یەکان لە ولاتانی بەناو جیهانی سی یەمدا کردووە و چەندەها کاری لەم چەشنە . ئەوەی کە نوسەری " ی.ن.ك " دیفاع لەم نیزامە کومەلایەتی یە دەکات ، دیفاع لە هەموو ئەو زولمانە دەکات کە لە دەرەوەشدا کردوویانە . ئەم کەسە بو دیفاع لە بەرژەوەندی یەکانی خوی ئیعلانی وەحشیەتی خوی دەکات بەسەر کریکارو زەحمەتکیشی ولاتەکەی خویەوە . دەلی باس لە داواکاری یەکانتان مەکەن ، باس لە بەرژەوەندی و قازانجی خوتان مەکەن ، چونکە خوی سەر بە جیهانیکە کە بەرژەوەندی تایبەتی خوی هەیە و هەموو جمو جولیکی کریکاران و خەلکی زەحمەتکیشی لە دژی ئەو دەوەستیتەوە .